# موسافیری نەوجەوان

قەیس حوسێن رەسووڵ

موسافیری من
نەوجەوانەو
خەمی هەموو دنیای لە کۆڵ خۆیدا
هەڵگرتووە
هەوارێک لەپڕ هاوارو
پریاسکەیەک تەژی لە قریوەو
شەوچەرەیەک لەشەوێنی
بۆ رێگای دوورو تاریکی
شەمچەیەکی لە گیرفاندا
بۆ تەنیا
ساتێکیش
سرەوتی نییە
تاو نا تاوێک
بەڕووی ئەم و ئەودا پێدەکەنێ
زەردەخەنەش
سەرلێوی دەگرێ
بۆیە هێندە لە گوڵ ناسکترە
سیمای لە مانگەشەویش
جوانترە
لە ئەوها رۆژێکا
دۆز لەگەڵ دۆژا سەرەنگرێی کردووە
*** ***
ئەی موسافیری نەوجەوان
توخوا تەنیا بۆ جارێکیش بێت

لەگەڵ مندا
تۆزێ رابمێنە
تکاکارم
هێندەش لە روودا دامەمێنە
چەند زەردەی ژوان
فێنکی خستە ناو رۆحم
هەزار هێندەش
گیانەکەم
تۆ دەزانی
خەمی گەورە
کارەسات دەنێتەوە
*** ***
ئەی موسافیری نەوجەوان
لە منداڵییدا
چەند لێوشەکەر بووی
چەند قەشەنگ بووی
کە جحێڵیش بووی
لەگەڵ سێبەرتدا
لەگەڵ رۆحتدا
هاونشین بووی
هەزار باریش خۆشباو بووی
توخوا لەبیرت نەچێ
بۆ دوایەمینجار
بەبێدەنگی
پشتەکۆڵی کۆچی یەکجارەکیت خستە
سەرپشت
چەند بەبێدەنگییەکەت
سەرسام بووم
کاتێ هەنگاوی سەفەری هاتونەهاتت
بەکزی و ماتی هەڵدەگرت
زۆر زەحمەت بوو
شوێنپێی هەنگاوەکانت هەڵگرم
وا پێدەچوو
خولیای چەندین مێرگ تاسەت بکا
بۆیە
هێندە بەتالووکە رەوت دەکرد
*** ***
موسافیری نەوجەوان
دوای تۆ
جوانییەکان تووڕەبوون
خۆیان تووڕهەڵدا
گوتیان ئێمە دوای تۆ
سەرناکەینە سیمای هیچ کەسێکی تر
لەگەڵ کەسا پێناکەنین
دان بەکەس نانێین
تریسکەکان لە حەژمەتانا
کۆچیان کرد
سرتەکان لەجیاتی سەوزبوون
کاڵبوونەوە
چرپەکان
متەقیان لەخۆ بڕی
وای لەو هاڵاوە گەرمە
خۆی ئاڵاندۆتە من
*** ***
موسافیری نەوجەوان
نە رووناکی خۆری ئاسمانی ئەم دەڤەرە
بەروو مان پێدەکەنێ
نە تریسکەی مانگی ئاسمانی ئەم

کاولاشە
هەش بەسەرە
رووناک دەکاتەوە
نەخشەی ڕۆحمان
زۆری پێنەچوو
ئەفسوس!
برینەکان
لە نۆژەنەوە
دەمیان کرایەوە
وای لە ئێمە
وای لە ئێمە.. وای لە ئێمە
باوەڕ ناکەم
چیدیکە شنەبا
لەم دەڤەرە پڕ برینە هەڵکا
ڕنووەبەفریش ڕێ بەباران چۆڵکا
بۆکێ
لەمەودوا ئیدی ئیکلام بکێشین
کەی دەربازبوونی یەکجارەکی چێکەین
*** ***
ئەی موسافیری نەوجەوان
زۆر چاک گیانە
لە تروووکەی چاوت
لە ترپەی دڵت
دەترسام
گەلێ دەترسام
لەگەڵ هەر پزیزکە تیشکێکی نێو
دیدەت
ئەمنیش لەگەڵتا
تێر تێر
دەگریام
هەرچەند
جاروباریش
پریاسکەیەک
لە گوڵی بەهاری بۆنخۆش
تریانێک
لە ترێی دەڤەری ئەودیوم
شێوە دەکرد
بەهەویای
چ حیکایەتێک
چ سەربووردەیەک
ئەوها خامۆشییەک
بەئاسانی سەری لە سەرت نا
لە مەڕاقی چ هەورازە شێتەیەک
لە مەراقی چ کۆترە شینکەیەک
بینای خۆت دەکرد
لەگەڵ خۆتدا
زۆرجار
بەئەسپایی دەدوای
دوای چی ئێشکگر بووی
چ گوڵیزارێک
وەها شەکەت و ماندووی دەکردی
*** ***
ئەی موسافیری نەوجەوان
نە ڕەونەقێک
خۆتی لێحەشاردابووی
چ تریسکەی ڕووناکییەک چاوشارکێی
لەگەڵ دەکردی
لەپەنای چ بەرەڤانێک

چۆڕەئاوێکت هەڵدەقوڕاند
لەتەنانێکت دەخستە ناوزاری پڕ ئازارت
ئیدیکە
دایم و دەرەم
مەرهەمی گیانت تێکەڵ بە
بادی بەرباد دەبوو
براله
هێشتا ماتبووی ئاوازێکی پڕ حەسرەت
بژەنی
لەگەڵ بادا گۆرانی بچڕی و
لەگەڵ مانگەشەوا سەرچۆپی بگری و
لەگەڵ تەمی پڕ تەمتومانی
ئەم هەوارەی کەس خێر لە خۆنەدیو
تێر تێر بگری
وای لە منی
وای لە منێ
وای لە منێ
هێندە زوو بوو
هێشتا گوڵ شکۆفەی نەدابوو
زستانیش
خۆی هێشتا
دەمەزەرد نەکردبوو
بۆ ساتێکیش
پێی نەنابووە ناو مان
تۆش بەتالووکە
لە ناو مان دەرچووی
چ گێژەنێک وا منی تیا
چ گەردەلوولێ وا منی تیا
چ گەردشێ وا منی تیا
وای لە منێ
وای لە منێ
وای لە منێ

زستانی ٢٠٠٧

